کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-12-2006 9:48

# مزگەوت و قوتابخانە ... ئیدریس حاجی سعید/کەرکوک

26-12-2006
edres_h_s@yahoo. com

لەناو کوردەواریدا هەمیشە مزگەوت لە پێش قوتابخانەوە بوە و گرنگی زۆر زیاتری پێدراوە، لە گوندەکانی کوردستاندا تاوەکو ئێستاش پاش ئەوەی گوندەکان ئاوەدان دەبێتەوە، دەستدەکەن بە دروستکردنی مزگەوت لە لایەن خەڵکی دێیەکەوە بە هاوبەشی و کۆکردنەوەی پیتاك بۆی، کەچی گەر بیانەوێت قوتابخانەیەك هەبێت لە گوندەکەیاندا ئەوا داوا لە حکومەت دەکەن بۆیان دروستبکات کە مافی خۆیانە، هەروەها ئامادەن بە هەمویان مەلایەك بێنن پێش نوێژی و وتاریان بۆ بخوێنێت و مانگانە لە گیرفانی خۆیان پارەی پێدەن، کە ڕەنگبێ ئەوەندە گرنگی بەو مامۆستایە و قوتابخانەکە نەدەن کە منداڵەکانیان فێردەکات و ماندو دەبێت پێیانەوە، کە ئەمە لە شارەکانیشدا باوە.

من خۆم لەگەڵ قوتابخانەکەم وەك لە مزگەوت و ئەوەی یەکەمیان بە گرنگتر و پێویستر دەزانم لەمرۆکەدا، کە حوجرە نەماوە و قوتابخانە دەگاتە هەمو شوێن.. گەر منداڵەکانمان خوێندەوار نەبن و ئەلف و بێی زانست و زانیاری نەزانن، ناشتوانن شارەزایی دین و شتەکانی دەوروبەر و ژیانبن و بەباشی لە جیهان تێبگەن، وەك ئێستای زۆرێك لە دایك و باوکان و پیر و بە ساڵاچوەکانمان کە بەباشی نازانن ئەو ئایەتانە بخوێنن کە ڕۆژانە لەسەر بەرماڵ دوبارە و چەند بارەی دەکەنەوە، چونکە نەخوێندەوار بون و بە هەڵە وەریانگرتوە و فێرکراون، چجای ئەوەی بزانن ماناکەی چی دەبەخشێت.. !

هەر ئێستا لە شوێنێکی وەکو شاری کەرکوکدا و لە چەند گەڕەکێکی تانزە دروستکراودا، بەتایبەت ئەوانەی کورد ئاوەدانی کردونەتەوە، چەند قوتابخانەیەك بۆ منداڵەکانی بەتایبەت هی ئاوارە گەڕاوەکان دروستکراوە، بەڵام چۆن هەمو خێمە و چادرن، کەچی هەر زوو زەویان بۆ مزگەوت تەرخانکرد و کۆمەکیان بۆ کرد یان لەلایەن پارتێکی ئیسلامیەوە یارمەتی دران بۆ بنیاتنانی.. تەماشای ئەم هاوکێشەیە بکە، گەورەکان، نوێژکەرەکان، بۆ خۆیان ڕەوایە لەگەرمای هاویندا لەبەر سپلێت و لە سەرما و سۆڵەی زستاندا لە نێو گەرمی مزگەوتەکاندا نوێژ و خواپەرستی بکەن، لە هەمانکاتدا منداڵەکانیان لە ژێر خێمە و چادردا، لە نێو قوڕ و لیتەی زستاندا فێری خوێندن بکرێن.. ؟!

ئەوە بە کەمتەرخەمی و نەبونی بینایەك بۆ قوتابخانەکەش بە شەرمەزاری دەزانم بۆ دەسەڵات، کە منداڵانی کەرکوك سەرەڕای ئەو نەهامەتیەی بۆ گەورەکانی ئەمشارە خوڵقاوە دوقاتیش بۆ منداڵان.. چی بەو دەسەڵاتە دەڵێیت کە لەم سەدەی پێش کەوتن و تەکنۆلۆجیایەدا، لەسەر ئەو دەریا نەوتەی کە دەڵێن لە کەرکوکدا هەیە، منداڵەکانی لە ژێر چادر و خێمەدا هەڵبلەرزن و وانە بڵێنە وە و بخوێنن. ؟!

چی عەقڵیەت و چی ویژدان و ئیسلامەتیەکە، چی ئینسانیەتێکە، چی دەسەڵاتێکە، گەورە پێش منداڵان دەخات بەو دەردە ببرێن، ئیتر منداڵەکانمان چۆن حەز و ئارەزویان دەچێتە سەر خوێندن، چۆن هۆشیار و چالاك دەبن. ؟

ئەم میللەتە لەسەر دین و خواپەرستی پەکی نەکەوتوە، بگرە هاوشانی وڵاتە ئیسلامیەکان هەنگاوی ناوە لە ڕوی دینەوە و لەوانەش کەمتر تیرۆریستی بەرهەم نەهێناوە، وەکو ئەو وڵاتانەش سودیان لە دینەکە وەرنەگرتوە لە پێناو سەربەخۆی و دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ نەتەوەکەیان، بەڵکو هەمێشە لە ڕابردودا دین بۆتە مایەی هەرەس هێنان و خۆشباوەڕیان و شکستهێنانیان، کە ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە.. بەڵام بۆ زانست و فێربون هەمێشە و ئێستاش لە دواوەین و زۆری ماوە هاوشانی جیهان ڕێبکات و لە پێشکەوتندا بێت و خاوەن میللەتێکی خوێندەوار بێت.

لە هەر شارو شارۆچکەیەکدا لە کوردستان بەتایبەتی لە کەرکوك، ئەوەندە مزگەوت هەیە، کە هەندێکیان چەند سەد مەترێك لەیەکەوە دوورن، کەچی ئەوەندە دەزگای خزمەتگوزاری و فێرکردن و فەرمانگەی نیە، منداڵەکان چەند گەڕەکێك دەکەن و دەبڕن تا دەگەنە قوتابخانە یان خوێندنگا، بە پێچەوانەی مزگەوتەوە.

ناڵێم با خەڵکی ئازاد نەبێت لەوەی دینداری دەکات و مزگەوتیش نەبێت، بەڵام حاڵی حازر ئەوەندەی پێویستمان بە قوتابخانە و پەروەردە و فێرکردن و دەزگای خزمەتگوزاری و شوێنە گشتی و پێویستەکانە.. پێویستمان بە دین نیە کە مەسەلەیەکی تایبەتە بە تاکەکانی کۆمەڵگا، یان پێویستمان بە مزگەوت هەبێت و پەکمان کەوتبێت لەسەری.

لە کەرکوکدا لەماوەی ئەم سی ساڵەی حکومەتی بەعسی تێدا روخاوە، ئەوەندەی پڕۆژەی تایبەتی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان، ئەوەندەی خانو و ئاپارتمانی لێپرسراو و حزبەکان بە ئاسماندا چوە، ئەوەندەی هەوڵی دروستکردنی مزگەوت دراوە و کراوە، هیچ نەکراوە بۆ خەڵکی و وەکو پێویست بە دەنگیەوە نەچون و نەکراوە.